# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیڕەدنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراوێزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگمە و لە ڕێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.

سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی : rebwarreza1983@yahoo.com

.................................................................................................

" 2 "

**ئیسماعیل کوردە:**

## گەنجی ئێمە پرۆژەی تەواو سەد لەسەدی نییە بۆ خۆی، پرۆژەی گەنجی ئێمە پرۆژی حیزبەکانە



* با بە بەراوردکاری لە نێوان تەمەنەکان و بەتایبەتی شوناسی گەنج و ئەو بنەمایانەی کە گەنجبوونی پێدەناسرێتەوە دەستپێبکەین، واتە ئێمە لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانین ئەو شوناسە بدۆزینەوە بۆ گەنج و قۆناخەکانی گەنجبوون لەهەر قۆناخێکی تر جودای بکەینەوە و جیاوازی نێوان گەنج و توێژەکانی دیکە دەستنیشان بکەین، چونکە بۆچوون زۆرە لەسەر شوناس و ناسینەوەی گەنج؟

– بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە دەبێت یەك شت جیا بکەینەوە ئەگەر گەنج لە تەمەن دەری بکەین، کە یەکێك لەناسینەوەکانی گەنج تەمەنە، با ئەمەیان جاریٚ وەلاوەبنێین و لەوێوە دەست پێبکەین، کە گەنجێتی لەناوکۆمەڵگەدا گەنجێتی توێژێك یان هاتنە پێشەوەی توێژێك لەڕووی بیرکردنەوە، لە رووی پێداویستی، لە رووی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دامەزراوەو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، گەنجانە بیرکردنەوە جاری وا هەیە دەبێتە شوناس بۆ ئەوەی کە بیرکردنەوەیەکی گەنجانەی هەیە یان نییە، سەرەڕا ئەوەی بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگا با ئێمەوە وەکو نمونە کۆمەڵگەی

خۆمان وەربگرین، بەپێی گەشەکردن جیایی نەوەکان دێتە پێش هەر نەوەیەك تێڕوانینی خۆی هەیەو ڕوانینی جیایە لە نەوەی پێش خۆی و نەوەی دوای خۆی، بە دڵنیاییەوە ئەو تێڕوانینە سەرەتای دروستبوونی شوناسێکی پڕ بیرکردنەوە دەردەخات بۆ گەنج، کە چۆن دەڕوانێتە هەموو پێکهاتە و ڕووداو و پێشهاتی ناو کۆمەڵگەی خۆی، گەنج لەوڵاتی ئێمە ئێستا بوونێکی زۆر کارای هەیە، لەو ڕووەوە کە دەتوانێت بڵێین توێژی گەنجان لەو (15) ساڵەی ڕابردوو بەتایبەتی زۆربەشێوەیەکی بەرچاو دیارن، ئەگەرچی بەشدارییەکی ئەوتۆیان نییە لە حکومەت ولە دام ودەزگاو هەموو ئەو پێکهاتە و ڕووداوانەی کە لە کوردستاندا دێنە پێش، ئەمیش هۆکاری خۆی هەیە، گەنج بوونی خەڵکی ئێمە لە کوردستاندا لە نێو جولانەوە و هاتووچونێکی بەردەوام دایە، لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای کوردی، لەگەڵ واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیدا، بۆیە دەبێت ئێمە هەموو دەم ئەو پرسیارە بکەین، ئایە بیرکردنەوەی گەنجانی ئێمە یان شوناسی گەنجبوونی ئێمە لەوەوەدەست پێدەکات کە ڕوانینی جیاوازمان هەیە بۆ هەڵومەرجەکان، یان هەرلەوەوە دەست پێدەکات کە ئێمە هەر لەتەمەندا گەنجین، بۆیە ئیشکالێك دەبینین کە زۆر جار گەنج هەیە لە تەمەندا گەنجە، بەڵام لەبیرکردنەوەدا پیرە، لەبەرانبەریشدا خەڵك هەیەلە تەمەندا پیرە، بەڵام گەنجانە بیردەکاتەوەو روئیا و تێڕوانینی جوانی هەیە بۆ هەموو شتەکان کە لە کۆمەڵگەدا هەن.

* هەر بگەڕێینەوەسەر ئەم لایەنە، ئێمە بۆ ئەوەی جیاوازییەك بکەین لە نێوان تێڕوانینەکان بۆ توێژی گەنج، یان بۆ ئەو شوناسەی کە گەنجبوونی لەسەر وەستاوە وەك جەنابت باست کرد، هەندێك پێیان وایە تەمەن دەکرێ قۆناخەکانی گەنجێتی لەسەر دروست بکرێت، هەندێکیش پێیان وایە شێوازی ئەو بیرکردنەوانەی کە بۆ حاڵەتەکان یان بۆ ژیان و دەوروبەر هەیەتی، چونکە شێوازی بیرکردنەوەی گەنجان جۆرێك لە یاخیبوونی پێوەیە لە ئاست هەموو ئەو حاڵەتانەی کە دێنە پێش بەهۆی ئەوەی ئەم هەمیشە کائینێکی یاخیەو تەسلیمی دەوروبەر نابێت، جا بۆ ئەوەی کە شوناسێکی ڕاست هەڵبژێرین، دەتوانین لەناو کام لایەنیاندا ئەو شوناسە دەستنیشان بکەین و بیدۆزینەوە؟

– من پێم وایە گەنجێتی لە تەمەن و گەنجێتی لەبیرکردنەوەدا هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، من پێم وانییە گەنجێکی ساڵانی حەفتاکان بتوانێت بە بیرکردنەوەی ئێستای من بیر بکاتەوەو لەجیاتی من بڕیار بدات، یان گەنجێك کە نەوەی هەشتاکان بێت بتوانێت وەك نەوەی دوای نەوەدەکان بیر بکاتەوە، لەبەرئەوەی هەم جەستە لە رووە فسیۆلۆژی و بایۆلۆجییەکەی ئینساندا کە تەمەن بەرەو پیری دەڕوات کاریگەری خۆی هەیە و بەدەریش نییە لەو کاریگەرییانەی کە لە دەوروبەری خۆی هەن، چ لەناو کۆمەڵگەدا و چ لەناوخێزاندا بۆیە تەمەن ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام ئێمە پرسیارەکەمان لەوەیە ئایا ئێمە توانیومانە ئەو شوناسەی کە وەکو تەمەن وەکو جەستە هەمانە کە گەنجین توانیومانە لە رووی پراکتیکیەوە لە بەشداری کردنمان لەلایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە هەموو بوارەکانی تردا گەنجێتی خۆمان بسەلمێنین و ئەو شوناسەی کەهەمانە و ئەو قۆناخەی کە ئێمە تێیدا گەنجین و ئەو ماوەیەی کە ئێمە تێیدا گەنجین دەتوانین بەکاری بهێنین، یان بیقۆزینەوە بۆ ئەوەی کە گەنجێتی خۆمان بسەلمێنین، دیارە گەنجێتی هەر بە تەمەن نابێت بەڵکو بە سەلماندن دەبێت، ئێمە لەوەدا گەنج دەبینین کە بتوانین کۆمەڵگا نوێ بکەینەوە و بتوانین کاریگەری خۆمان لەسەر داب و نەریتەکان هەبێت و بیانگۆڕین، گەنجین لەوەی کە بەشداری سیاسی ئەکتیڤمان هەبێت لەناوەندی سیاسیدا گەنجین لەوەی کە وشیار بین، ئێمە لە رووی سەلماندنەوە دەتوانین بڵێین هێشتا نەمانتوانیوە شوناسی خۆمان بەنەوەکانی پێش خۆمان پیشان بدەین و گەنجێتی و بەشداری خۆمان پیشان بدەین و هیچ نەبێت ئەوان جیاوازییەکان باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە ببینن.

* تۆ باسی ئەوە دەکەیت کە گەنج نەیتوانیوە وەکو ئەوەی کە پێویستە خۆی بەیان بکات، بەڵام ئایە تاچەند کۆمەڵگا ڕێگە بەمومارەسەکردنی توانستەکانی گەنج دەدات تاچەند کۆمەڵگە ڕێ بە گەنج دەدات کە سەرلەبەری کایەکانی ژیانکردن گەنج بکاتەوە؟

– دیارە من کە باسی نەوەکان دەکەم بێگومان ململانێ هەیە، واتە نەوەکانی پێش ئێمە جگە لەداب و نەریت، جگە لە ترادیسیۆنی کۆمەڵگا، جگە لە سانسۆری ئایین جگە لە سانسۆری خێزان و کۆمەڵێ سانسۆری دیکە کە لەسەر

گەنجن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان نەوەکان، نەوەی پێش ئێمە بە جۆرێك لە دونیا دەڕوانێت جاری وا هەیە تووشی بەر یەك کەوتن دەبین لە گەڵیدا و ناتوانین لەگەڵی هاوکار بین و بەشدار بین، بەڵێ ڕێگری هەیە لە ئاستی سیاسی و هەموو ئاستەکانی تر، بەڵام ئەکتیڤیش کەمترە لەلای گەنجی ئێمە، جا بەهەر هۆکارێکەوە بێت، دیارە کۆمەڵگای کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هەموو ئاستەکان، بەتایبەت ئاستە سیاسییەکان، چونکە گەنج بەوە دەردەکەوێت کە لەئاستی سیاسی بەشداری هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت بەسەر ئاستەکانی تردا، لەم کۆمەڵگایە لەئاستی سیاسیدا نەوەیەك هەیە کە نەوەی شاخە، گەنجێتی خۆیان لەشاخدا سەرف کردووە، ئێمە ناتوانین بڵێین ئەوانە گەنج نەبوون لەسەردەمی خۆیان، ناتوانین بڵێین ئەوان بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆیان نەبووە، هەیان بووە، بەڵام ناگونجێن لەگەڵ ئێمە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە عەقڵیەتی شاخ و عەقڵیەتی شار و سەرەتاکانی بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەبێت گەنج تێیدا ئەکتیڤ بێت، هۆکارێکە لەوەی کە بەربەستی زۆر دەکەوێتە سەر ڕێی گەنجی ئێمە لەم وڵاتە جا بەهەر ناوێك بێت، جاری وا هەیە ڕێ لە پێشکەوتنی گەنج دەگیرێت بەهۆی ئینتماوە، بەهۆی ئەوەی کە هێشتا ئێمە قۆناخی ڕزگاری نیشتیمانیمان تەواو نەکردووە و کۆمەڵێك دەستەواژەی سیاسی پێدەگوترێت، ڕەنگە ئەوانە بەشێك بن لە ڕێگرییەکان، لەلایەکی تریشەوە یاسا زۆرجار ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کە گەنج بچێتە پێش، بۆ نموونە تۆ (30) ساڵت تەواو نەکردبێت ناتوانیت ئەندامی پەرلەمان بیت، یان دەبێت (18) ساڵ خزمەت بکەیت تا ببیت بە مودیر عامێك لە یەکێك لە وەزارەتەکان هەموو ئەمانە و لە زۆر رووی تریشەوە بەربەستی زۆر گەورەهەن کە گەنج ناتوانێ ئەکتیڤی خۆی نیشان بدات لەم کۆمەڵگایەدا، دەتوانم بڵێم کۆمەڵگایەکی کراوە و داخراوە واتە لە نێوان هەردووکیاندایە.

* لە بارەی ئەوەی کە گەنج ناتوانێ ئەکتیڤ بێت تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟ بۆچی ئەکتیڤ نییە؟ ئایا هەر ئەو بەربەستانەیە یاخود کەمتەرخەمی لەلایەن گەنجەکانیشەوە هەیە؟

– گەنجی ئێمە پرۆژەی تەواو سەد لەسەدی نییە بۆ خۆی، پرۆژەی گەنجی ئێمە پرۆژی حیزبەکانە، پرۆژەی دەسەڵاتی سیاسییە، پرۆژەی نەوەکانی پێش خۆیەتی، نەوەی ئێمە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە نەوەی شاخ هاتووە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان وەرگرتووە، کە دانی پێدابنێ، ئێمە نەوەیەکین بەدوای دانپیانانندا دەگەڕێین و گومانمان لەبوونی خۆمان هەیە لەبەرئەوەی نەمانتوانیوە پێشمەرگە بین نەماتوانیوە خەباتی شاخ بکەین، ئەو نەوەیەی کە هاتووە بەردەوام دەیەوێت روئیا و بیرکردنەوەکانی خۆی بەسەر ئێمەدا بسەپێنێ، بۆیە من پێموایە لە رووی پرۆژەیەکی گەنجانە کە هەموو گەنجانی کوردستان کۆ بکاتەوە بەبێ جیاوازی خاوەنی پرۆژەیەك نین، خاوەنی کۆمەڵێ پرۆژەو بیرکردنەوەی کرچ و کاڵ و لابەلاو گروپ و گروپکارین، ئەمانەش بەشێکن کە دەتوانین بڵێین پەراوێزی گەنجی نەوەی پێش ئێمەن، ئێمە بووینەتە ئەو پەراوێزەی کە دەمانەوێت ئەوان ئیدارەمان بدەن، ئەوان پێمانبڵێن وا بکەن وا بڕۆن و گۆڤارو رۆژنامەمان بۆ دەربکەن و لە تەلەڤزیۆنەکان ئەوان تەسکییەمان بکەن، دەتوانم بڵێم گەنجێتی ئێمە بە قوربانی نەوەی شاخ دەبێت، ئەگەر وا بڕوات بە قوربانی دەسەڵاتی سیاسی ئێستا دەبێت و کەمتر دەتوانێت ئەکتیڤ بێت لە بەشداریکردندا، بەڵام ناکرێ هەر رووە سیاسیەکەش بگرینەبەر، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگا خۆشی ڕێگری خۆی هەیە و ئایینیش یەکێکە لەوانەی کە کۆمەڵێك ڕێگری لەبەردەم ئازادییەکانی گەنج داناوە بەلایەنی کەم.

* وەك لە قسەکانت دیارە کە گەنج تەسلیم بەو واقیعە بووە کە تێیدایە، یان تەسلیم بە بڕیارەکانی نەوەی پێشووبووە، بەڵام ئەگەر بێمەوە سەر لایەنە سیاسییەکەی کە باست کرد ئەگەر سەیری حیزبە سیاسییەکان بکەین دەبینین زۆرینەی ئەندامەکانیان گەنجن، پرسیارئەوەیە بۆچی ئەم ڕێژە زۆرەی گەنج لە نێو حزبە سیاسییەکاندا نەیانتوانیوە کاریگەری بنوێنن لەسەر بڕیار بەدەستەکانی حزبەکانیان بۆ نەیانتوانیوە فشارێك دروست بکەن؟

– گەنج بوون لەزۆری ئەندامێتی حزبەکان نییە، هەموو خەڵك دەتوانێ ئینتیما بۆ هەموو حزبەکان بکات، بەڵام ئایا سەرکردایەتی ئەو حزبانە گەنجن؟ نەخێر ناتوانن فشار دروست بکەن، کەنەوەی پێش ئێمە ڕێگربێت لەوەی من لە سەرکردایەتی بم، تۆ لە مەکتەبی سیاسی و یەکێکی تر پۆستی وەزیرو یەکێکی تر بەڕێوەبەری گشتی بێ، یان

کۆمەڵێك گەنج ئەندامی پەرلەمان بن بەتەئکید ئەمە ڕێگرییە بۆ ئەوەی من نەتوانم کاریگەر بم بەسەر سەرکردایەتی سیاسیدا، دواتر تەسلیم بوون بە ئینتیمای حزبی، من گەنجم بەڵام کە خەتەر هاتە سەر حزبەکەی من گەنج نیم، من حزبەکەی خۆمم، ئیتر پیرە، خراپە، باشە.هەر چۆنێ بێ هەموو گەنجەکان بەو ئاراستەیەدا هەریەکە و لەناو ڕێکخستنێکی حزبیدا بیردەکەنەوە، بۆیە ڕێژەی ئەندامانی حزبێك کە زۆربەی گەنجە کار ناکاتە سەر بڕیاری سیاسی حزبەکەیان، یان بڕیاری سیاسی لە وڵاتدا، چونکە توانای هەموو ئەو گەنجانە لە خزمەتی ستراتیژییەتێکە کە پیرەکان بەڕێوەی دەبەن.

* ئەگەر باسی ململانێی نەوەکان بکەین ململانێی نەوەکان پێت وایە کە بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشتوە یان دەڕوات کە بۆتە هۆی دروستکردنی گفتوگۆی نێوان نەوەکان بۆ تێگەیشتن لەیەك یان هەر دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی دەروونی و لە یەکتر قەڵسن واتە ئەم ململانێیانە لەسەر ئاستی فیکری و کارکردنە یاخود هەر شتێکەو خۆ ڕسکانە دروست بووە؟

– نابێت قەڵسن بن، چونکە ئەمە کارێکی دوژمنکارانە نییە، چونکە هەر تاکێکی ئێرە گەنج بێ یا پیر هەموویان هاووڵاتی ئەم وڵاتەن لەپێش هەموو شتێکدا، لە هەمان کاتدا پیم وانیە ئەم ململانێیە لە سەر ئاستی فیکری بێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر ئاستی بەرژەوەندییەکانە، نەوەی پێش ئێمە دەستبەرداری ئەم دەسکەوتانە نابێت کە پێی وایە بە خەباتی شاخ و بە ماندوبوون و کۆمەڵێك قوربانیدان وەدەستی هێناون کە دەستبەرداری ئەم شتانە بوو ڕێگریەکان سەخت تر دەبن و ماندووبوونەکان لە بەردەم گەنجداو خەبات کردن لە بەردەم گەنجدا سەخت تر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشدار بێت من پێم وایە ئەگەر مەسەلە فکر بێت یان جیاوازی لە ڕوانین بێت لە نێوان نەوەیەك و نەوەیەکی تر دا، دەتوانین ململانێکە لەسەر هەموو ئاستەکاندا بەشێوەیەکی مەدەنیانە بە پێی پرەنسیپی ڕا گۆڕینەوە و دیالۆگ لەگەڵ یەکتر بتوانین نیگاکانمان لەگەڵ یەکتر بگۆڕینەوە، بەڵام لەسەر ئەو ئاستە نییە بەو میکانیزمە نییە، بەڵکو بەو ئاراستەیەیە کە نەوەیەك جا ئیتر ئەم نەوەیە 20 ساڵیك یا زیاتریش بخایەنێت، قۆرخی هەموو دەسەڵاتەکانیان کردووەو کەمتر ڕێگە دەدات بە گەنج، لایەنی کەم ئەو گەنجانەیان قەبوولە کە پێشتر باست کرد ئەو گەنجانەی کە سیاسەتەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن، گەنجێکی یاخی کە تۆ باسی دەکەیت ئاسان جێگەی نابێتەوە لەناو حیزبدا، ئاسان جێگەی نابێتەوە لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا هۆکارەکەش ئەوەیە کە هاوکێشەکە هاوکێشەیەکی فیکری و ڕاگۆڕینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە لە بەرامبەر کایەیەك لە کایەکاندا، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە، کە گەنجیکی یاخی بەشدار نین لە بەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتەدا بە داوای لێبوردنەوەئەگەر گەنجێکی مولتەزیم بێت بە سیاسەتی ئەم حیزب و ئەو حیزب و دەسەڵات ئەوە بە تەئکید بەشێك لە بەشداریەکانی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووریش زیاترە.

* دەبینین لێرەو لە وێ چەند دەنگێك بەرز دەکرێنەوە، چەند کەسێك بە دیار دەکەون کە ئەمانە گەنجن و یاخین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە پەیوەندیەکیان لەگەڵ یەکدا نییە، یان دەتوانین بڵێین ناتوانن وەکو گرووپێك خۆیان بەیان بکەن یان خۆیان ڕێکبخەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو فشارانە ببنەوە کە لە لایەن نەوەی پێش خۆیانەوە لە سەریانە، چۆن دەتوانین تەفسیرێکمان هەبێت بۆ ئەم حالەتە؟

– من وتم گەنج پرۆژەی نییە، ئەگەر پرۆژەی هەبێت دەبێت گەنجێك لە هەولێر و یەکێك لە سلێمانی و یەکێك لە کەلار و یەکێك لە بادینان یەکتر بناسن، چونکە پرۆژەیەك کۆمان دەکاتەوە ئەوەی کە هەیە هەنگاوی شەخسین. هەر کەسێك لەو لا مەقالەیەك دەنوسێت یاخیبوونی خۆی نیشان دەدات، یان گروپێك ڕێپێوانێکی بچوك دەکەن، هەموو ئەوانە شتی پەراوێزن لە بزووتنەوەی گەنجاندا، لە ئەکتیڤی و بەشداری گەنجاندا، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە سەیری کوردستان بکەین لایەنی کەمی لە سەدا پەنجاو یەکی بە کورو کچەوە گەنجە، خۆ ئەگەر بە ڕیژەی گەنجبوونی کۆمەڵگای کوردی بێت دەبێت ئێمە زۆرینەی خەڵکمان وەکو گەنج لە دەسەڵات و کایەکانی تریش بەشدار بێت ئەم پچڕ پچڕیەی کە هەیە وای کردووە وجودی پرۆژەیەك نەیەتە پێش، یاخیبوونی گەنجێك لەم لاو لەو لا کۆمەڵێك پرسیار هەڵدەگرێت بەراستی زۆر گەنج یاخی دەبێت بەلام نازانێ چی دەوێت ئەوەیش هەیە دەنگ هەڵدەبڕێ و هاوار دەکات و قسە بە دەسەڵاتی کوردی دەڵێت ڕەخنە دەگرێت و جاری وا هەیە ڕەخنە لە سنوور بەدەر دەکرێت و

هیچ سانسۆرێك بۆ قسەكانی و بۆ هەیبەت و بۆ كەسایەتی و گەنجێتی خۆی دانانێت ئەوە یاخیبوون نییە یاخیبوون دەبێت پرۆژەیەكی هەبێت لە بەرامبەردا.

*تا چەند دەسەڵات رێگرە لە بەردەم گەنج تا پرۆژەی نەبێت؟

– دەسەڵات دەیەوێت گەنج بە پێی بۆچوونی ئەو پرۆژەی هەبێت، حەزی لێیە تۆ گۆڤار دەركەیت و رۆژنامە دەركەیت و نادی بكەیتەوە و گرووپ و دامودەزگای مەدەنی دروست بكەیت، بەڵام لە سنووری ئەو یاسایەی كە خۆی دایدەنێت.

*ئەمانە تا چەند دەتوانی بە پرۆژە بیانبینی ؟

من بۆ خۆم بە پرۆژەیان نا بینم.

* ئەگەر سەیر بكەین دەبینین كۆمەڵێك گەنجی بێ ئومێدو رەشبین لەم كۆمەڵگەیەدا هەیە، چونكە لە ئایندەی خۆیان دڵنیانین لەم رووەشەوە دەسەڵات كەمتەرخەمە لە چارەسەركردنی گرفتەكان و نایەوێ ئەو بێ ئومێدییەیان بڕەوێنێتەوە، ئەمە تا چەند كاریگەری لەسەر ئینتیمای گەنج هەیە بۆ نیشتیمان و نەتەوە؟

– من لەوە دەست پێ دەكەم كە دەبێ بڵێین لە كوردستان نا عەدالەتی كۆمەڵایەتی هەیە، نا عەدالەتی كۆمەڵاتی تێدایە لەوەی گەنجێك كۆلێژ تەواو دەكات بە (157000)دینار دا دەمەزرێت بەڵام كەسێك نەخوێندەوارەو بەڵام خەباتی شاخی هەبووە (1000000)دیناری دەدەنێ، گەنج هەیە زمان زانەو شارەزایی لە كۆمپیوتەر هەیە لەبەرامبەردا كەسێكی تر لە هەموو زانستەكان و تەكنەلۆژیای سەردەم دەزانێ بۆیان نییە بەشدار بن بەڵام كەسێك كە قەلەمەكەی بەهەزار حال دەگرێت ئەبێت بە جێگری وەزیر یان مودیر عام یان كام پۆستی بووێت لەم وڵاتە وەری دەگرێت یەكێك لە هۆكارەكان ئەوەیە، گەنج بۆ بێ ئومێد نەبێت لە كاتێكا لە وڵاتی خۆیەتی ناتوانێ ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت و خێزان دروست بكات، تۆ گەنجێكی پارچەیەك زەویت نیە لەم وڵاتە ئیتر بەرگری لە چی ئەكەیت، بێگومان ئەگەر تۆ موچەیەكی خراپت هەبێت وەكو گەنج پارچە زەویەكت پێ رەوا نەبیت و شوقەیەكت پێ رەوا نەبێت كە بتوانیت خێزان دروستبكەیت لە هموو ئەو شتانەی كە ملیارو ملیار لەم وڵاتە سەرف دەكرێت تۆ بێبەش بیت ئیتر ئینتمای چی، من پێم وایە ئەو گەنجانەی كە ئێستا هەن بەتایبەتی كەدیاردەی كۆچ هەیە بەڵێ بۆ هەموو ئەو گەنجانەی كە هیچیان نییە لەم وڵاتە لە هەر كوێ بژین وڵاتی ئەوانە.

* هەندێك پێیان وایە ناعەدالەتی گەورە لە رێژەی دەستنیشانكردنی موچەشدا هەیە، بەبێ رەچاوكردنی تواناسازی، هەڕەمەكیانە رێژەی مووچە دیاری دەكرێت و عەدالەتیش لەم بارەوە پەیڕەو ناكرێ. پێیان وایە دەسەڵات لەسەرەوە یان ئەوەتا خۆی نابینا كردووە لە ئاست ئەوناعەدالەتیانەدا و لە ئاست كێشەكانی گەنجان یان ئەوەتا دەیەوێت خۆی ببوێرێت و هەمیشەش گلەیی لە گەنج و هەموو تاكێكی تر دەكات، بۆ رەواندنەوەی ئەو گلەییانە و گەیاندنی دەنگی خۆی بە دەسەڵات، گەنج پێویستە چی بكات؟

– دیارە ئەگەر مەسەلەكە یان بێت من مەبەستم ئەوە نییە گەنجێك وەكو ئەندام پەرلەمانێك پارە وەرگرێ، یان گەنجێك وەكو وەزیرێك مووچە وەربگری، لەبەر ئەوەی پێویستییەكانی كەسێكی سیاسی جیاوازە لە پێویستییەكانی گەنجێك، كە دەڵێن عەدالەت هەبێت لەو مەسەلەیەدا تۆ بژی باش بژی لەبەر ئەوەی پێویستییەكانی لەمن زیاترە، بەڵام با منیش وا بژیم بتوانم ژیانێكی مەعقول ببەمەسەر لە وڵاتی خۆمدا، برسی نەبم، لانی كەم پێویستییەكانی خۆم جێبەجێ بكەم، من قەت گلەیی لەوە ناكەم ئەندام پەرلەمانێك چەند وەردەگرێ یان وەزیرێك چەند وەردەگرێت، ئاساییە هەر كەسە و بەپێی ئاستی خۆی وەرگرێت، بەڵام ئەوەی كە من دەیبینم بێ حەلیەكی گەورە لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەبینم لە هەموو ئاستەكان لە بەرامبەر گەنجدا دووپاتیشی دەكەمەوە دەسەڵاتی سیاسی ئەو گەنجانەیان دەوێت كە گوێرایەڵی خۆیان بن.

* ئەگەر بەراوردێك بكەین لەسەر خاڵی چۆنییەتی دابەشكردنی ئەو ئیمتیازاتانەی كە كەسێك لە شوێنە باڵاكاندا وەری دەگرێت نەك پێداویستییەكانی خۆی پێ دابین دەكات، بەڵكو دەتوانێت پێداویستی دەوروبەرەكەشی پێ دابین بكات.

– ئەمە ئیستغیلالە، ئەمە پێداویستیی جێبەجێكردن نییە، ئەمە خراپ خەرجكردنە لە داهاتی خەڵك، واتە بێسەروبەركردنی داهاتی خەڵكە لە وڵات، ئەگەر نا كەسێك لە دەسەڵاتە یان لە هەر پۆستێكە با خانوویەكی هەبێت، سێ خانووی نەبێت، با سەیارەیەكی هەبێت دەی نەبێت، هەموو ئەو شتانەی كە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەكرێت سنووری بۆ دابنرێت.

* پێتوایە شۆڕشی گەنج بۆ نوێبوونەوە پێویستە چ رێگەیەك بگرێتە بەر یان دەبێت چی بكات بۆ ئەوەی گەنج بتوانێت ئامانجێكی هەبێت لە دروست بوونی ئەو شۆڕش و جموجۆڵانەی كە هەیەتی؟

– من لەوێوە دەست پێدەكەم با ناوی نەنێین شۆڕش، چونكە شۆڕش ناوی تر هەڵدەگرێ، بەڵام با لەوێوە دەست پێبكەین گەنجی ئێمە ئایە توانیوییەتی ئەركە نیشتمانی و نەتەوەییەكانیشی جێبەجێ بكات، ئەو پرسیارەشی لێبكەین، چونكە بەردەوام سیاسییەكان ئەو پرسیارە دەكەن، ئایە قۆناغی ئێستا ئەو قۆناغەیە كە ئێمە ئەو ئەركانەمان لەسەر شان بێت، یان قۆناخی ئەوەیە ئێمە لە ڕووی پێشكەوتنی زانست و خوێندن و بوارەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیەوە موشارەكەی ئەو كۆمەڵگەیە بكەین، ئایا ئەركەكانمان تاكوێن، داوا و مافەكانیشیمان تا كوێن، من پێموایە هێشتا ماوییەتی گەنج بیر لە جوڵانەوەیەكی وا بكاتەوە كە كاریگەری خۆی بە ئاستێك بگەیەنێت كە دەسەڵاتی سیاسی وشیاربكاتەوە، چونكە بەردەوام دەسەڵاتی سیاسی لە ئێمە بەهێزترە، ئەوانەی كە دەیانەوێت چاكسازی بكەن لە كۆمەڵگەدا ئەوانەن كە دەسەڵاتیان هەیە.

* بەڵام لێرەدا یەك شت هەیە رەنگە بێزاربوونی گەنج لەسەر چۆنییەتی دابەشكردنی وەزیفەبێ، ئێمە دەبینین لێرە لە جیاتی ئەوەی خەڵكی شیاو بۆ وەزیفە بدۆزنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە وەزیفە بۆ خەڵك دەدۆزرێتەوە، ئەمە دوو شتی زۆر لەیەك جیاوازن، رەنگە گەنجێك توانستەكانی لە كەسێكی تر زۆر زیاتر بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پەراوێز خراوە ئەمە لە بەرامبەر دەوروبەرەكەیدا تووشی كاردانەوەی ناكات؟

– خۆی ئەگەر حكومەتێكی مۆدێرن لەسەر ئەساسی كەفائات و ئەكادیمیەت و تەكنوكرات دروست بێت، كەسی شیاو لە شوێنی شیاو بێت بە هیچ شێوەیەك ئەوانە روو نادەن بەتایبەتی مەسەلەی خزم خزمێنە و ناوچەگەرێتی، كە ئێستا لە هەموو ئاستەكاندا رەنگی داوەتەوە، بەڵام بەشداری ئێمە بۆ نابێت، وەزیفە بۆخەڵكانێك دەدۆزرێتەوەو خەڵكێكیش هەیە شایستەیەو لە شوێنەكان دانانرێت.. ئەمە دەگێڕمەوە بۆ حزب و دەسەڵاتی سیاسی چونكە دەبوایە لەسەر بنەمای توانا و توانستی كادیرە ئیدارییەكان بۆ شتەكان دابەشبكرایە نەك لەسەر ئەوەی ئەمە پۆستی سیاسییە و ئەمە پۆ ستی ئیدارییە و ئەمەیان پۆستی خزمایەتییە و ئەمەشیان پۆستی. هتد بەداخەوە ئەمە هەیە.

*كەواتە دەسەڵاتی ئێمە لەسەر ئەم رەهەندانە بینا كراوە تاچەند لەناو ئەو هاوكێشانەی كە دروستیان كردون گەنج بۆتە قوربانی؟

– یەك لە قوربانییەكان ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لە جیاتی ئەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی بونیات بنێی كۆمەڵگەی سەربازی بونیات دەنێت، كە كۆمەڵگەی سەربازی بونیات دەنێت، گەنج یەكەم كەسە دەبێتە قوربانی، من و تۆیان دەوێت وەكو گەنج بۆ ئەوەی پۆلیس بین بۆ ئەوەی ئاسایش بین، بۆ ئەوەی سەرباز بین، بۆ ئەوەی لە سەنگەرەكان بین، من و تۆیان ناوێت بۆ ئەوەی لە پەرلەمان بین، بۆ ئەوەی بە رۆئیای جوانتر دونیابینی خۆمان

لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێشکەش بکەین، کە تۆ کۆمەڵگەیەکی سەربازیت هەبوو دڵنیات دەکەم یەکەم توێژ لە کۆمەڵگەدا کەدەبێتە قوربانی گەنجە.

* ئەگەر زاری سیاسییەکان بکەیتەوە لەسەر ئەم لایەنانە، دەڵێن مەترسیمان لەسەرە، کەواتە ئێمە دەبیٚ هێزمان هەبێت، بەڵام ئایا ئەو مەترسییانە لەوە گەورەترن کە گەنجی کۆمەڵگەکەی خۆیان بێنن و هێز و توانستەکانیان بکوژن لەناو کایە سەربازییەکاندا؟
– من لەگەڵ ئەوەم کە گەنجێك خوێندەواری نەبێت پێشمەرگە بێت، یان لەناو جانبە ئەمنییەکان ئیش بکات یان هەر بوارێك، چونکە هەموویان خزمەتن، گەنجێك کە پۆلیسە یان گەنجێك کە دکتۆرە، هەموویان خزمەت دەکەن، بەڵام چۆن گەنجێك دەکەیت بە پۆلیس، ئایا تۆ دەتەوێت تەواوی گەنجەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پۆلیس بن، ئاسایش بن یان پێشمەرگە بن یان دەتەوێت گروپێك لەو گەنجانە هەڵبژێری بۆ ئەو ئەرکە، بۆ نموونە لە هەموو رۆژنامەکان نووسراوە دەیان مامۆستا وازیان لە وانە وتنەوە هێنا بۆ ئەوەی ببن بە پۆلیس، مەسەلەکە ژیانە، تۆ ئەگەر رەفاهییەت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەکەت پەیدا بکەیت، بیرکردنەوەیشی لەگەڵ پەیدا دەبێت، گەنجێك بیردەکاتەوە بە چ شێوازێك خزمەت بکات، من پێموایە بەڵیٚ خەتەرمان لەسەرە ئەو ئەرکە نیشتمانییەی کە من دەڵێم لەسەدا پەنجای گەنجەکانی ئێمە دەیانەوێت لە رێگەی پێشمەرگایەتی بڕۆن و لە رێگەی خەباتی ترەوە ئەو ئەرکە نیشتمانییەیان بەدی بێنن کەهەیە خەتەرەکانیش رەنگە زۆر لەوە گەورەتر بن، کە ئێمە وەکو گەنج خەونی پێوە دەبینین و خەونیتر دەبینین، لەوانەیە خەتەرەکان گەورەترین ئەوانە هەمووی لە جێگەی خۆی، بەڵام هێشتا من پێموایە دەبێت گەنج باشتر بیری لێبکرێتەوە، باشتر بەشداری پێبکریٚ و رێگەی لەبەردەمدا خۆشبکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بەیان بکات.

* ئەی کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئیتر گەنج لەو هەموو ماندووبوونانەی رابردوو بحەسێتەوە چونکە زۆرینەی کێشەکانی ئەم کۆمەڵگەیە گەنجیان بە هیلاك برد، وەك تەواوی ئەو کێشە و شەڕ و شۆڕانەی کە سەریان هەڵدا، بەڵام کاتی ئەوە نەهاتووە ئیتر ئاوڕێك لە گەنج بدرێتەوە؟
– وەکو حەسانەوە من لەگەڵی نیم، چونکە حەسانەوە کۆمەڵگەی تەمبەڵ بەرهەمدێنیٚ، بەڵام دەبێت پێداویستییەکانی گەنج دابین بکریٚ، لە رووی رەفاهییەتەوە، لە رووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە لە رووی هاوکاری و دەست گرتنی گەنجەوە بۆ ئەوەی خانوو ماڵی هەبێت تا خێزان پێکبهێنیٚ، هەمووم قەبوڵە، بەڵام ئێمە لەم قۆناغەدا ئەرکێکمان لەسەرشانە بۆ ئەوەی نەوەکانی دوای ئێمە گلەییمان لێنەکەن دەبێت ئەرکەکەی خۆمان جێبەجیٚ بکەین، دەبێت بەشدارییەکانمان لەو ئاستە دابێت کە نەوەی دوای ئێمەش، ئێمە بەگەندەڵ نەزانیٚ، چونکە گەر پاڵدەینەوە بە تەئکید کۆمەڵگەیەکی تەمبەڵ دروست دەکەین.

* بۆچی لەناو گەنجاندا یەکڕیزی و یەك دەنگی نییە، ئەو جموجۆڵەی کە تۆ باسی دەکەیت و دەڵێیت بیٚ بەرنامەیە، بۆ وایە؟
– من نموونەیەکت پێدەڵێم ئێمە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین، دەمانەوێت دیموکراتیەت پیادە بکەین، دەمانەوێت کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەبێت، رێز لە ماڤی مرۆڤ بگرین، رێز لەراوبۆچوونی جیاواز بگرین، هەموو ئەو شتانەی کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی دیموکرات یان کراوە دروست دەکەن، پێویستی بەو جیاوازییانە هەیە، دەکریٚ یەك ریز بین، بەڵام ناکریٚ یەك رەنگ بین، یەکڕیزی ئاساییە، بەڵام یەك رەنگی لە هەموو دونیادا لەهیچ کۆمەڵگەیەکی کراوەدا بوونی نییە، دەبیٚ ململانیٚ هەبیٚ، چونکە ژیان بە ململانیٚ وە جوانە و گەشە دەکات، بۆ نموونە لە ئەورووپا، هەر وڵاتێکی ئەورووپی دیموکرات وەردەگریت، سۆسیال دیموکراتی هەیە، دیموکراتی مەسیحی هەیە، دیموکراتی چەپی هەیە، راستی هەیە، ئەحزابی دینی هەیە بە پێی خۆیان لەگەڵ ئەوەشدا با بڵێین

کۆمەڵێك یان پەراوێزێکی فراوان لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن هەموویان جیاوازن، هەموویان رەنگی جیاوازیان هەیە و بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ستراتیژدا یەك دەگرنەوە، بۆیە من پێموانییە دەبێ ئێمە لە کوردستان مادام گەنجین، هەموو گەنجەکان وەك یەك بیر بکەینەوە، کۆپی کردنی عەقڵ خەتەرێکی گەورەیە، ناکرێ وەکو یەك بیر بکەینەوە دەبێ جیاواز بین بەڵام یەکریز بین لە بەرانبەر مافەکانی گەنجان لە وڵاتدا.

* من مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو وەك یەك بیر بکەنەوە، بەڵام دەبینین لێرەو لەوێ جوڵەیەك هەیە بەناوی جوڵەی گەنجان یان هەر ناوێکی تری پێی دەڵێن، بەڵام دەبینین لەکاتی دەستپێکردنی هەر جوڵەیەك لەلایەن گەنجەوە زیندانەکان پڕ دەکرێن لەو توێژە، کەچی گەنج لەبەرامبەریدا بێدەنگە، بۆچی گەنج یەك دەنگ نەبێت لەسەر کۆمەڵێك ئامانجی وەکو نوێبوونەوەی کۆمەڵگەو سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی پەروەردە؟
– زۆر جار کە من گەنجم و تۆش گەنجی تۆ گومانت لە جوڵانەوەی من هەیە و منیش هەروەها گومانم لە جوڵانەوەی تۆ هەیە، کێ دەڵێ هەموو جوڵانەوەیەك حزبێکی لە پشتەوە نییە، یان بۆچوونێکی سیاسی پەخش ناکەیت لە رێگەی رێپێوانێك یان لە رێگەی یاخی بوونێکت، بۆیە من دەگەڕێمەوە سەر یەکەم قسە، ئەگەر بێت و پرۆژەیەکی گەنجانەی نەتەوەیی یان ئەگەر نەتەوەیی زۆر توندڕەویش نەبێت، ئەگەر پرۆژەیەکی نیشتمانی هەبێت لە کوردستاندا، هەموو گەنجان تێیدا بەشدار بن، من هیچ گومانێکم لە هیچ جوڵانەوەیەك نییە، بۆ ئەوەی بتوانم پشتیوانی بکەم، بەڵام کە تۆ لە بادینان رێپێوانێك دەکەیت، بەبێ ئەوەی ئەمنییەت بپارێزیت، بەبێ ئەوەی موڵکی گشتی بپارێزی من لەگەڵت نیم، من لەگەڵ شکاندنی دەرگا و پەنجەرەی دامو دەزگای حکومی نیم، بەوشێوازە ناتوانین لەگەڵ دەسەڵات دیالۆگ دروست کەین دەبێت بۆشێوازەکانی خەبات کردن لە پێناو مافەکانی خۆمان وەکو گەنج ئەو میکانیزمانە بدۆزینەوە، بە چ شێوەیەك موخاتەبە یان بڵێین دەسەڵاتی سیاسی بدوێنین، بۆیە ئەو گومانەی کە من دەڵێم دڵنیات دەکەم کەهەیە، ئەگەر هەر گەنجێك لێرە فێڵ لەخۆی نەکات دەبێت بڵێت گومانم هەیە لە وەی کە لە بادینان شتێك روو دەدات و لە کەلار شتێك روو دەدات و لە رانیە و لە هەولێریش بە هەمان شێوە.

* بەڵام تا چەند پارێزەرانی ئەمنیەتی خۆپیشاندانەکان رۆڵیان هەیە لەگۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بۆ نموونە کاتێك یەك لە پۆلیسەکان یان ئاسایشەکان هەوڵی ئیستفزازی دەدات و لەروی خۆپیشاندەراندا گرژییەك دەنوێنێت ئەوانیش کاردانەوەیان دەبێت و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەرەو توندوتیژی دەگۆڕێت، ئەم حاڵەتەشمان لە شارەکانی کوردستاندا بینی، بەڵام هەر هەمان پارێزەری ئەمنییەتەکە ئەگەر مامەڵەیەکی هێمنانە بنوێنێ، خۆپیشاندانەکان هێمنی بەخۆیەوە دەبینێ ئەمەتاچەند رۆڵی هەیە لە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان؟
– خەباتی مەدەنی بە کارو کاردانەوە ناکرێ حەز دەکەم پێت بڵێم هەم گروپەکانی فشار لە وڵاتی ئێمە و گەنجەکان کە رێپێوان دەکەن، منیش بەشدرابوومە لە زۆر خۆپیشاندان و پشتیوانیشم لە زۆریان کردووە، بەڵام کە وتمان کاروکاردانەوە لە حاڵەتی مەدەنی خۆی دەردەچێت، من پێم خۆشە یەك شتت پێ بڵێم، نەدەسەڵاتی سیاسی لەگەنج دەگات و نە گەنجیش ئێستا لە دەسەڵاتی سیاسی دەگات، ئەو گفتوگۆیەش کەهەیە، بۆ نموونە من لەناو حزبم، لەناو دەسەڵاتم، وەسیلەم بۆ ئەوەی گەنجێکی بێلایەن و یاخی بە دەسەڵات بناسێنم، چۆن پێی بناسێنم؟ ئەمەیان دەگەڕێتەوە سەر وشیاری، ئایا ئێمە وشیاری دیموکراتیمان هەیە، وشیاری مەدەنیمان هەیە، وشیاری ئەوەمان هەیە، کە چۆن رێپێوان دەکەین، بەهەمان شێوەش دەسەڵاتی سیاسی یان پاسەوانێك ئەوانیش دەبێت بیر لەوە بکەنەوە ووشیار بن، بۆ نموونە، ئێستا گروپێك یان شتێك لە کوردستان دروست دەبێت با بڵێین پۆلیس رێ لە رێپێوان و ئەو جۆرە شتانەدەگرێ، بەڵام بە شێوازێکی نوێتر من کەسێك ببینم بە کلاشنکۆفێکەوە بەرانبەرم راوەستاوە، دڵنیابە گرژ دەبم، بەڵام بینیم دارێکی پێیە و بەراوردم دەکات لەگەڵ خۆی، ئاساییە من

دارم پێیه، ئەویش داری پێیه، بەڵام من هیچم پێ نەبێ و ئەو گوللەم تێبگرێ بەدڵنیاییەوە گرژی دروست دەبێت، ئەمە پەیوەندی بە سیستەمێکەوە هەیە لە وڵاتدا کە دەبێت ڕێکبخرێت لانی کەم دەبێت نزیک بخرێتەوە لە سیستەمی وڵاتانی ئەوروپا، من بەسەرشکانێك عاجز نابم، بەڵام گوللەیەکم تێبگرێ عاجز دەبم، گەنجم و دڵم دەشکێت، ئینجا ئەم گرژییە دەمانباتە حاڵەتی شەڕانگێزی و ئاژاوەگێڕی لە هەردوو تەرەفدا لە دەسەڵات و لە خەڵکیش و لەباری ئاسایی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنیانە دەردەچێت.

* باسی گرژییەکانمان کرد کە لە خۆپیشاندانەکاندا روو دەدەن و ئەو گرژیانەی ڕوودەدەن لە خۆپیشاندانەکان یان داخوزییەکان، لە ڕێڕەوی مەدەنیەت لادەدەن، بەڵام لێرەدا یەك پرسیار دروست دەبێت، تا چەند کۆمەڵگەی ئێمە بە دەسەڵاتیشەوە واتە کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کوردی لە بنەماکانی مەدەنیەت گەیشتوون، دواتریش چی بکرێت بۆ ئەوەی گەنج و دەسەڵات لە یەکتر تێبگەن؟

– من پێموایە کۆمەڵگەی کوردی بەو هەموو کەموکورتیانەی کەهەیەتی بەو هەموو رابردووە تاڵەی کە لەنێوان حیزبە سەرەکییەکاندا هەبووە وەکو دووبەرداشی هاڕینی ئەو کۆمەڵگەیە تا مودەتێکی زۆر وێرانکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای جیاوازی قەبوڵ نەکردن لە یەکتر نەگەیشتن، کۆمەڵگەی کوردی بەدەر نییە لە واقیعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە دوای سەدان ساڵ داگیرکاری و کەوتنە ژێر کولتوری عەرەب، تورك، فارس، کۆمەڵگەیەکە کە تازە بیەوێت نەفەسێك بدات و بکرێتەوە، من پێم وانییە هیچی لێ تێناگەین، بەشێك لە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێتێدەگەین، هەندێك پیادەی بنەماکانی دیموکراسی دەکەین، ماف مرۆڤ تا رادەیەك دەپارێزین، ناتوانم بڵێم لەسەداسەد ماف مرۆڤ لەم وڵاتە پارێزراوە، ماف رادەربڕین پارێزراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سانسۆریش هەیە، سانسۆر هەیە بە یاسا ڕێکدەخرێت، سانسۆر هەیە وەکو داب و نەریت ڕێکخراوە، سانسۆر هەیە لەسەر گەنجی ئێمە دین ڕێگرییەتی، هەموو ئەمانە وا دەکەن، کە من بڵێم هێشتا ماویەتی کە، هۆشیارییەکی مەدەنیانە و دیموکراسیانە لە کۆمەڵگەی ئێمە وەکو ستاندار بێتە دی و خەڵکی ئێمە پیادەی بکات وەکو دەسەڵاتیش و وەکو هاووڵاتیش، بۆیە من ئەوەی کە دەیبینم رەشبین نیم پێی و گەشبینم بەوەی ئێمە هەنگاو دەنێین، راستە هەنگاوەکانمان خاون، رەنگە بەشێکی پەیوەندی بە واقیعی سیاسی ئێمەوە هەبێ و ئێمە هێشتا شەڕی گەورەترمان ماوە لە کوردستاندا جگە لەو شەڕەی کە تۆ باسی دەکەیت (شەڕی نێوان نەوەکان) لەگەڵ دەسەڵات ئێمە هێشتا کۆمەڵێك گەنجی دیلیشمان ماون لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی عێراقدایە و لە شارو شارۆچکە و سنوورەکانی تری کوردستان هێشتا کولتووری عەرەبیان بەسەرەوەیە جگە لەوەی کە ئێمە تەنیا ئەو گەنجانە نین کە لە کوردستانی باشور کۆبووینەتەوە گەنجی کورد لە هەموو کوردستانی گەورە زیاترە لە (20000000) گەنج و هێشتا خەمی ئەوانیشمان ماوە